وەزارەتی ناوخۆ

## بەیانی ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٧

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٣) بڕگەی (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای ڕێنماییمان بەنووسراوی ژمارە (٨٢٢١) لە ٢٠١٣/٨/٢١ و هەمواری یەکەمی ئەم ڕێنماییە و بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٦ بڕیارماندا بەدەرچواندنی ئەم هەموارە :-

یەکەم : هەمواركردنی بەشی دووەم بڕگە (٢) تایبەت بە دامەزراندنی موختار بەم شێوەی خوارەوە:-

هەڵبژاردنی موختار و ڕاسپاردنی بۆ کارەکەی لە ڕێگای پێشکەش کردنی داواکارییەکی ڕاستەوخۆ (CV) و بەپێی لێهاتوویی و مەرجەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە دەبێت بۆ پارێزگا یان یەکەی کارگێری سنوری کارەکەی و لەڕێگای لیژنەیەکی تایبەتەوە کە پێکهێنرا بێت بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە و دامەزراندنی بەبڕیارێك لەلایەن پارێزگارەوە .

دووەم : ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) جێبەجێ دەکرێت .

**کریم سنجاری**
**وەزیــری ناوخۆ**

---

وەزارەتی ناوخۆ

## بەیانی ژمارە ( ١١ )ی ساڵی ٢٠١٧

### تایبەت بەهەمواری چوارەمی ڕێنمایی تایبەت بەکاری موختارەکانی ساڵی ٢٠١٣

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٣) بڕگەی (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەڕێنمایی سەرەوە کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٦١)لە ٢٠١٣/٤/٣٠ بڵاو کراوەتەوە و هەمواری یەکەمی ئەم ڕێنماییە لە ژمارە (١٦٨) بڵاوکراوەتەوە و بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٦ و بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٧ بڕیارماندا بەدەرچواندنی ئەم هەموارەی خوارەوە :-

یەکەم : هەموارکردنی بڕگە(سێیەم /٣) و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

( ٣- تەمەنی کەمتر نەبێت لە (٣٠) ساڵ لەکاتی پێشکەش کردنی داواکاری دامەزراندن بە موختار ) .

دووەم : هەموارکردنی بڕگە(سێیەم /٦) و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

( ٦- فەرمانبەری کەرتی گشتی و تایبەتی نەبێت ) .

سێیەم : ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) جێبەجێ دەکرێت .

**کریم سنجاری**
**وەزیــری ناوخۆ**